پەیامی خەڵکی مەلیلە

وڵاتیان بەگشتی بەبیرۆکەی دانانی موەلیدەی ئەهلی بۆ رزگاربوون لەم بێکارەباییە خۆشحاڵبوون، بەڵام دوای دانانی بە یەک هەفتە لەکار دەکەوێ دیسان دەبێ چاوەڕوانی کارەبای رەئیسی ببین

گورجی.ع

سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٤ لەبەردەم بارەگای یەکێتی ژنانـدا، کوڕە بەرپرسێک لەگەڵ کچێکدا کەئوتۆمۆبیلێکی مۆدیل بەرزی پێبوو، لەلایەن چەند گەنجێکەوە توانجیان لێدەدرێ، ئەویش کوڕە بەرپرسە لەئۆتۆمۆبیلەکەی دادەبەزێ و بەنووکە دەمانچەکەی لێیان دەدات و سوکایەتیان پێدەکات.

کوردێک

رۆژی ٩-٣-٢٠٠٧ کە رۆژی هەینی بوو، ئۆتۆمۆبێلێکی نیسانی دەبل ژمارە (٤٢)ی گەشتوگوزار لە رێگەی هەولێر - دیبەگە لەگەڵ خێزانی و منداڵەکانیدا هەر بەراستی لە گەشتوگوزار دابوو، بەڵام دەڵێن: یاساغە دوای دەوامی فەرمی هاتوچۆکردن بە سەیارەی دەوڵەت بکرێ!!

م. محەمەد

شۆفێری تاکسیەکانی ناو فرگەی هەولێر هەموویان بیانین، کوردیش نازانن و لەدەرەوەڕا هێنراون، ئەمەش وەکو دیاردەی کچە خزمەتکارەکانی لێهاتووە، ئەوانیش لەدەرەوە دەهێنرێن و لەنێو ماڵی بەرپرسەکاندا کاریان پێدەکرێ !!

شۆفێرێکی تاکسی

گفتوگۆ مەرجە و دەبوایە زووتر بمانکردایە!

نیشتمان کەرکوکی

چی وای لەنەیارانی کورد کردووەکەئەسپی خۆیان بەرەو ئەنقەرە تاو بدەن؟ بۆ بەچاوی داگیرکەر دەڕواننە ئێمە و دوژمنەکانیشمان دەکەنە دۆستی خۆیان؟ ئایا ئێمە نەمانتوانیوەپردی ئاخاوتن و گفتوگۆ لە نێواندا دروست بکەین؟ یان بە بچوک و بێدەسەڵات تێیانمان روانیووە؟

ئایا ئەوان متمانەو بڕوایان بە ئێمە نەبووەو بۆیەنەمان توانیووەئەو پردی ئاخاوتنەدروست بکەین، یان ئێمەنەمانتوانیووەلۆژیکانەلەنەیارو دوژمنان بڕوانین؟! کەواتە دەبێ ئەم چەند پرسیارەلەخۆمان بکەین ، بەدایالۆگی هاوچەرخانەراستیەکانی مێژوویان بۆ بسەڵمینین .

ئیستا کاتی گتوگۆ و پەسندکردنی بەرانبەرەە، ئەگەر بڕوامان بەدیموکراسی و ئازادی رامانی جیاواز هەبێ، دەبێ زۆر راشکاوانەلەگەڵ بەرانبەر دانوستاندن بکەین، هیچ رۆژێکیش کورد رەگەزپەرستانەلەدەوروبەری نەڕوانیوە، بۆیەناکرێ ئەو تۆمەتانەی بیترسێنێ. دەمارگیرو رەگەزپەرست لەسەردەستی و فەرمقانڕەوایەتیدا بەدیار دەکەوێ، جارێ نەسەڵمێندراوەکورد رەگەزپەرست نێ، ئەوەی هەبووەتەنیا پەیامی ئاشتی هەڵگرتووە. کورد مادام فەرمانڕەوا نەبووەو گەلانی دیکەی نەچەوساندۆتەوەکەواتەڕاشکاوانەزۆر دەستی دەمن و داگیرکەریشی رەت کردۆتەوە.

لەوانەیەزۆر کەس بڵێن دەبێ کەرکوکیەکان لەنێوان خۆیاندا ئەو پردی ئاخاوتنەدروست بکەن، چونکەشارێکی کوردستانیەو فرەنەتەوەی تێدا نیشتەجێبووە، بەمەش رەوشەکەئاسایی دەبێتەوەو بەرەو پێشەوەهەنگاو هەڵدەگرێتەوە.

پێویستەئێمەزۆر بەوردی کۆی لایەنی بەرانبەر بخوێنینەوەو گیانی بوردەیی و پەسندکردنیشمان تێدا هەبێ، ئەگەر وا نەبێ ناتوانین هەڵوێستەبکەین و بەرەو داهاتووی رۆشن هەنگاو بهاوێژین، ئەگەر وا نەبێ رەوشەکەزۆر ترسناک خۆی دەنوێنێ و هەموو لایەکمان بەرەو تەنگژەو قەیرانی دیکەرادەکێشێ .

کوردستانبوونی کەرکوک روون و ئاشکرایە، بەڵام چونکەهەندێ دەوڵەت مرخی خۆیان لێی خۆشکردووەکەواتەدەبێ ئێمەسەردەمانەرەفتار بکەین و راشکاوانەهەموو لایەنەکان بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بانگهێشت بکەین، لەوێ بەبەڵگەی مێژوویی ساغی بکەینەوەو پەیامی دۆستایەتیش پەخش بکەین و جەخت لەسەر قووڵکردنەوەی بکەین، بەوهۆیەوەدایالۆک و دانوستاندن زۆر گرنگ و مەرجی پێشکەوتن و دڵنیابوونی داهاتووشیەتی . راستەدوژمنان و دەوڵەتانی دراوسێ چاویان لەسامانی کەرکوک بڕیوەو دەیانەوێ پشکی خۆیان دەست بکەوێ، بەوهۆیەشەوەپەڵپ و بیانۆ دەگرن و کێشەی دیکەی نەتەوەیی قوت دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر ئێمەی کورد هاوچەرخانەو نێونەتەوەییانەرەفتار بکەین، ماف و ئازادییەکانی دیتران دابین و زامن بکەین، گومانی تێدا نیەکەنەتەوەکانی دیکەی وەک تورکمان و ئاشوری و عەرەبیش راستیەکانی مێژووی پەسند دەکەن و ئامادەدەبن لەگەڵماندا کوردستانی بین، واتەکەرکوک ئەو زەمانەتەبێ کەکورد هەرگیز رەگەزپەرستانەبیر ناکاتەوەو ناشیەوێ رەگەزپەرستانەفەرمانڕەوایی بکات. ئەگەر زانستیانەبۆیان بسەڵمێنین کەبەرژەوەندی ئەوان لەگەڵ پێکەوەژیانمان دا بەرجەستەدەبێ، لەوانەیەئەوانیش خۆیان لەدوژمن و ناحەزانی کوردستان بکشێننەوەو بەشداری لەبەڕیوەبردنی پیلانەکانی ئەواندا نەکەن.

با بەکردەوەئەو راستیانەبسەڵمێنین کەگفتوگۆ رێگەچارەیەکی هاوچەرخانەیەبۆ پێکەوەژیان، متمانەیان بۆ دروست بکەین، دەمارگیری و کەللەرەقی وەلابنێین و دەلیڤەی برایەتی و دۆستایەتی و لەیەکتر تێگەیشتن دروست بکەین و هەموویان لەئامێز بکەین .

دەستپێکی ئەو کارەش بەدانوستاندن و گفتوگۆ دەست پێدەکات، نیازپاکی و راستگۆیی لەدانوستاندن و بەیەکتر سەڵماندن و پێدانی متمانەکار ئاسانی دەکات و رەوشەکەئاسایی دەکاتەوەو کەرکوکیش ئازاد و سەربەرزانەلەباوەشی کوردستاندا چاو بۆ ئازادی و وەکهەڤی دەگێڕێ .

نەورۆز، جەژن و سیمبولی گەلی کورد

ئا:شاناز

گەلانی جیهان هەریەکەو جەژن و بۆنەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە، هەریەکەو بەپێی دابونەریتی نەتەوەو وڵات پێش وەخت خۆیان ئامادە دەکەن، تا بەجوانترین شێوەوە بەخۆشترین کات ئەو یادە پیرۆز ڕابگرن، هەروەها ئەگەر جەژن و بۆنەکان حکومی بێت، حکومەت پێش وەخت ئامادەکاری دەکات ئەگەر زۆرترین تێچونی هەبێت گرنگ بەرز ڕاگرتنی یادەکانەو بەسەر بردنی کاتێکی خۆشە. گەلی کوردیش وەک گەلانی دنیا بۆنەو جەژنی تایبەتی خۆی هەیەجگە لە یادەکانی ڕاپەڕین و رزگاری وبۆنە ئاینیەکان، نەورۆز کە سەرەتای بەهارەجەژنێکی دێرینەیەکەنەتەوەی کورد شانازی پێوەدەکات، هەموو ساڵێ پێش وەخت خۆیان بۆ ئامادەدەکەن. بەئاهەنگ گێران و پۆشینی جل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگی کوردی کردنەوەی ئاگرلەسەر بەرزاییەکان نیشانەی پیرۆز کردنی ئەو بۆنەیە.

لەپێوەندی ئەم جەژنەداپرسیارمان لەچەند هاوڵاتیەک کرد، ئاخۆ دەربڕین و هەست و خۆشی خەڵک بەبۆنەی هاتنی نەورۆزەوەچۆن بێت؟

ساکار عەلی: دەڵێ بەلای منەوە خۆشترین جەژنە، نیشانەیەکە بۆ بوونی میللەتی کورد، هەروەها ناساندنی کوردە بەجیهان. هەموو ساڵێ جوانترین جل ئەکەم بۆ جەژنی نەورۆز. پێویستە لەسەر هەموو کوردێک ئەم بۆنەپیرۆزەبە جوانترین شێوەپیرۆز بکەن.

ساوێن سالار: زۆر دڵخۆشم بەهاتنی جەژنی نەورۆز یەک مانگ پێش ئێستا جلی کوردیم کریوە، چونکە نەورۆز بەجلی کوردییەوە خۆشەکاتێک ئاگرەکەدەکرێتەوە،خۆم دەگۆڕم و هەست بەگەورەی نەتەوەکەم دەکەم.

فەرامۆش جەمال: هەموو ساڵێ بۆ نەورۆز جلی کوردی تازە ئەکەم، تەنها بۆ نەورۆز حەزم لەجلی کوردی تازەیەرۆژی دوای ئاگرەکە لەگەڵ ماڵەوەیان برادەرەکانم دەچین بۆ سەیران هیوادارم نەورۆزی ئەم ساڵ ببێتەمایەی خۆشی گەلی کوردستان

هیران ڕەزا: کەنزیکی نەورۆز بووەحەزدەکەم چەند ڕەنگ هەبێت ئەوەندەجلی کوردی لێ بکەم، چونکە جەژنێکی نەتەوەی کوردە، بەلامەوە لەهەموو جەژنەکانی تر پیرۆز ترە.

هەروەها پرسیارمان لەخاوەن دوکانەکان کرد، ئەوان سەبارەت بەخواستی خەڵک و کڕینی پێداویستی نەورۆز گوتیان :

کاک کاوەحاجی عومەر ووتی: لەساڵانی پێشوو کاڵا زیاتر هاتۆتە بازارەوەزۆرترین کاڵامان فرۆشتووە، جوانترین و نوێترین کاڵا هاتۆتە بازاڕەوە خواستی خەڵکیشی زۆر لەسەرە نرخەکانیان بەپێی جۆری کاڵاکەیە، ژنان زیاتر حەز بەنوێترین کاڵا دەکەن، زیاتر قوماشی بریقەدار و پولەکەدار دەکرن زۆر گوێ نادەنە نرخەکانیان، بەلایانەوەگرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە خۆیان دەرخەن بەجوانترین شێوە زیاتریش، نەوزۆزو بەهار زۆرترین کاڵا دەفرۆشرێت بەهەموو جۆرەنرخێکەوە.

کاک بهادین وەهاب: فرۆشیاری جل و بەرگی پیاوان دەڵێ: هەر لە سەرەتای مانگی ئازارەوە پیاوان دێن بۆ کڕینی جلی کوردی بەتایبەتی گەنجان و منداڵان تا جەژنی نەورۆز بەجلی کوردییەوە بکەن، لەم کاتەدا زۆرترین جل و بەرگی کوردی دەفرۆشرێت وەک شاڵ و ستارخانی و قۆپچەیی و نێچیری و هەروەها کڵاشیش.

سڵاح عەزیز: فرۆشیاری بەبەتی خشڵ و خۆڕازندنەوەدەڵێ: ساڵ بەساڵ زیاتر بابەتی خشڵ و خۆڕازاندنەوە دێتەبازارەکانەوە زیاتر لەسەر شێوەی ئاڵتون دروست کراوە،هەروەها بابەتی کریستاڵ کەئافرەتان دەیکڕن بۆ خۆڕازاندنەوە زیاتر لەنەورۆزدا دەفرۆشرێت هەندێ جاریش بەکرێ ئەیبەن.

سۆزان کەریم بەرگدرو ووتی: لەبەهارو نەورۆز زیاتر خەڵک جلی کوردیمان بۆ دێنن، پێمان دەڵێن بۆ نەورۆز بۆمان تەواو بکە، هەست دەکەم خەڵک بەدڵێکی پڕ جۆشەوە پێشوازی لەنەورۆزو بەهار دەکەن، ئێمەش زیاتر لەم کاتەدا سوودمەند دەبین.

لەکۆتایدا دەڵین نەورۆز جەژنێکی نەتەوەی کوردە، لەناو خەڵکی کوردستاندا بەخۆشترین جەژن دا دەنرێت، پێویستەلەسەر هەموومان ئەو یادە پیرۆزە بەجوانترین شێوەڕابگرین و پیرۆزی بکەین. نەورۆزی ئەم ساڵ ساڵێکی خۆش بەختی بێت بۆ میللەتی کورد خەڵک هەردەم لەسەیران و ئاهەنگ و خۆشیدابن.

وێنەکانی هەڵەبجە و دەسەڵاتی کوردی

ئارام سدیق

یەکێک لە کاریگەرترین چەکەکانی راگەیاندن و دنیای گلۆبالیزم وێنەیە، وێنە دەتوانێ رووی راستەقینەی هەموو شتەکان بەجوانی بخاتەڕوو لە هەمانکاتدا دەتوانێ وێنەیەکی ئەفسانەیی رووداوەکان پەخش بکات ئەوەی لەوێنەدا گرنگە ئەو سیحرەیەتی کەهەمیشە دەیکاتە هاوسێی حەقیقەت وامان لێ دەکات زیاتر بیرمان لای راستی رووداوەکە بێت تا پێچەوانەکەی. وێنە لەدنیای کوردیدا تا هەنووکە دەوریکی زۆری نەبووە و دەتوانین بڵێین ئێمە گەلێکین خاوەنی کەمترین وێنەیین لە هەموو بوارەکاندا، وێنە لای ئێمە هەمیشە چیرۆکە خەمناکەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەی گێڕاوەتەوە و زۆرکەم هەڵگری چیرۆکی سەروەرییەکانمان بووە، کە لەسێدارەدانی قازی محەمەدەوە تا کارەساتی هەڵەبجە وێنەکانی ئێمەخەمناکترین وێنەی نێو ئەرشیڤی وێنەی ژیانن، لەمردنی قازیدا وێنەکان هەواڵی مەرگی سەرکردەیەکی کورد رادەگەیەنن و لەهەڵەبجەشدا وێنەکان گوزارشت لە مەرگێکی بە کۆمەڵی ترسناک دەکەن ، پاشانیش لەشەڕەکانی راپەرین ناوخۆ و جەنگی رزگاری عێراق و دواتر, وێنەکان هەمیشە تەمەنی مەرگ و هەواڵی مەرگیشیان زیاتر بووە لە هەواڵی شادی، ئەمەش بۆتە هۆی دروستکردنی گرێیەکی دەروونی تاکی کورد بەرامبەر وێنە . ئەو وێنەیەی کە لە ساڵی پار سەرسامی کردین و دیمەنێکی خەمناک و کارەساتاویتری پیشاندایین سوتانی مینمۆمێنتی هەڵەبجە بوو ئەم وێنەیە، وێنەیەکە جیا لە هەموو ئەو وێنانەی تاهەنووکە روانینی ئێمەپێی ئاشنایە، چونکە وێنەیەکە تاکی کورد لەحاتی ئاگایی و ئەوپەری وشیاریدا دەخاتەروو. وشیارییەک کە لە ساتی سوتاندنی ئەو مەزارەدا دەگاتە لوتکە، تاک لەو ساتەدا لە لوتکەی ئەو هەستەدایە کە دەسەڵاتی کوردی بەئارەزووی خۆی دەستی دەستی و گاڵتەی بێتامی لەگەڵدا دەکات و بە بچووک سەیری جەماوەری خۆی دەکات . ئەو وێنەیە جیا لە هەموو وێنەکانی تر کە بەدەستی داگیرکەران و دوژمنانی گەلەکەمان دروستکرابوو ، بەڵکو وێنەکە تاکی کورد خۆی خاوەنیەتی و هەر خۆشی خولقێنەریەتی و تورەیی و نارەزایی ناخی تاکی کورد دەخاتەڕوو، بەرامبەر دەسەڵاتێک کە جگە لە بازرگانیکردن بە تاکەکانیەوە هیچی تری بۆ ئەو شارە لەباردا نەبوو. بە درێژایی ساڵانی دوای راپەڕین حزبی کوردی و دەسەڵاتی کوردی ئەوەندەی لە خەمی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیاندا بوون، نیو ئەوەندە لە خەمی خزمەتکردنی تاکی کوردیددا نەبوون، دەسەڵاتی کوردی پێویستی بە نەوەیەکی وشیار و سەربەست و ئازادە تا لە هەموو پرسەکاندا هاوخەم و هاوبیری بێت و لە هەر حاڵەتێکی نائاساییدا خەمی ئەو دەسەڵاتە بخوات، بەڵام ئەم دەسەڵاتە نەک نەیتوانی نەوەیەک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەڵکو نەوەیەکی لە خۆی رەنجاند و نەوەی دواتریش هەر لە ئێستەوە ئینتیمای بۆ گەل و نەتەوە و سەرکردە کەم بۆتەوە تازە سەرکردە ئەو پیاوە ئەفسانەییە نییە کە هەمووان چاوەڕێی دیدار و تەوقەکردنی بین، بەڵکو یەکێکە لە هاوبەشیەکانی کۆمپانیا و تەنها بەرژەوەندی فەردی لەبەرچاوەو کەسی تر ناخوێنێتەوە.

ئەوەی گرنگە لەدواجاردا گرنگە بیلێم ئەوەیە سوتاندنی یادگاری شەهیدانی هەڵەبجە پێماندەڵێن ئەوانەش کە پاشماوەی کارەساتی هەڵەبجەن قوربانین و لەئاستی پێویستدا خزمەت نەکراون و خزمەتکردنیان ئەرکی سەرەکی دەسەڵاتی کوردییە، بەڵام کاتێک ئەو قوربانیانە پەراوێزخستن دەبێت بەشیان و بەناوی ئەوانیشەوە لەیادگاری هەڵەبجەدا دەیان هەزار دۆلار وەردەگیرێت و کەس نازانێ چی لێدێت؟! ئەوسا نەوەیەکی تووڕە لە یادگاری و یادەوەرییەکان دێت و دەیەوێ دژی ئەو دەسەڵاتە وێنەیەکی نوێ پیشانی دەسەڵاتی کوردی و هەموو دنیا بدات، وێنەیەک کە جیاوازە لە هەموو وێنەکانی دنیا و تەنها و تەنها هەڵەبجەییەکان خاوەنین.